# دیوی دووەمی ..............................

# ....................... هەناسەکانی هۆشەنگ

هەندرێن حەمەدەمین

Handren88@hotmali.com



لەنێوانی مانگ و ئەستێرەکاندا

گەمەی مندالەکانی خوا

*****

لە نێوان گوڵ و پەپولەکاندا

باخەوان و قوتوی ژەهر

*****

لە نێوان شەو و ماچدا

رووتبوونەوە

*****

لە نێوان من و خوادا

هیچ

* * * * *

**له نێوان فریشته و بادا**

**گوڵەکانی شەیتان**

* * * * *

**له نێوان هەور و گیادا**

**خەونەکانی کچێتی خوا**

* * * * *

**له نێوان مێخەک و مەمکدا**

**پەنجە نەدیتکەکان**

* * * * *

**له نێوان دارستان و کتێبدا**

**پیاسەی عاشقەکان**

* * * * *

**له نێوان شیعر و مامزدا**

**شاعیرێکی راوچی**

* * * * *

**جیاوازی شەو و پیاو**

**خۆشاردنەوە**

* * * * *

**جیاوازی دەریا و شوان**

**شمشاڵ**

* * * * *

**جیاوازی خوا و باران**

**بوون و نەبوون**

* * * * *

**جیاوازی کانی و پەنچەرە**

**جۆگەڵە**

* * * * *

**له نێوان شەیتان و مرۆڤدا**

گەمەکانی خوا

*****

لە نێوان مێروولە و گەنمدا

کونە ڕەشەکان

*****

لە نێوان زمان و نووسیندا

نووسەرەکان

*****

لە نێوان مردن و ژیانەوەدا

چاپکردنی دەسنووسەکان

*****

لە نێوان کۆمپیوتەر و پەنجەکانم

کیبۆرد

*****

لە نێوان دۆزەخ و دەنگم

چاوەڕوانی

*****

جیاوازی ژن و فریشتە

لەزەتی شەوی پەردە

*****

جیاوازی روح و جەستە

قەبارەیە

*****

لە نێوانی ئاگر و خەیاڵدا

ئاگردان

*****

لە نێوان نووستن و نووسیندا

خەون و زیندەخەون

*****

لە نێوان سەفەر و گیرسانەوەدا

**ژیان و مردن**

*****

**لە نێوان سەما و گریاندا**

**خۆکردنەوە**

*****

**لە نێوان ئاسمان و ئازادیدا**

**یاسا**

*****

**لە نێوان رەنگ و منالێدا**

**کالبوونەوە**

*****

**لە نێوان مەم و زین ولاس و خەزال وخەج و سیابەندا**

**خانێ و ئەو و ئەو**

*****

**لە نێوان چاو و برۆدا**

**جیهانێک لە نهێنی**

*****

**لە نێوان سمێڵ و کەپوودا**

**ئەو هەناسانەی ناگەنە دەم**

*****

**لە نێوان پەنجە و دەستدا**

**هەڵگرتنی گەرمی خۆشەویست**

*****

**لە نێوان دڵ و خوێندا**

**ململانێ**

*****

**جیاوازی مۆم و قەڵەم**

**یەکیان لەنێو پەنجە دائەگیرسێ و**

**ئەوەیتریان بە شخارتە**

*****

**لە نێوان کچێنی و ژنایەتدا**

**ترسێکی خۆش**

*** * * * ***

**لە نێوان چیرۆک و هەقایەتدا**

**زمان**

*** * * * ***

**لە نێوان نیشتمان و خۆشەویستیدا**

**تۆران و ئاشبوونەوە**

*** * * * ***

**لە نێوان دار و پەلکەکاندا**

**وەرزەکانی تەمەن**

*** * * * ***

**هاژە هاواری ئاوە**

*** * * * ***

**خشپە ماچی گەڵا و خۆڵە**

*** * * * ***

**مرچ دەنگی کردنەوەی دەرگاکانی روحە**

*** * * * ***

**ئاوزینگ دەنگی شەڕی مردن و ژیانە**

*** * * * ***

**لێستنەوە**

**هەندێک جار دەسپێکردنە و**

**هەندێک جار کۆتایی**

*** * * * ***

**خواردن**

**خۆزگە شەش مانگ یەکجار بوایە**

*** * * * ***

**روناکی**

**ئاشکراکردنی نهێنییەکان**

*** * * * ***

چرا کوژاندنەوە
خۆدا پۆشین
*****
نووسین لەسەر وۆرد
رازیکردنی پەنجەکانی هەردوو دەستە
*****
مەسیجەکانی مۆبایل
خێراترە لە ناردنی نامە
*****
قسەکردن بە ئەنتەرنێت
بەزاندنی سنورەکان
*****
چەتینگ
راکردن لە تەنیایی
*****
برنتیک
ژیان دانەوە بە کاغەز
*****
سپلێت
کوێستان و گەرمیان
*****
جگەرەکێشان
لە ئاودەست دەسپێئەکات
*****
کتێب
پیاسەکردن بەناو کەسانیتردا
*****
خەتخەتانێ
سنور و چاودێری
*****

کەلایانێ

پێکبەستنوەی چاو و پەنجە

* * * * *

بلیارد

هەندەسەی گۆشەکان

* * * * *

پێنجوکانێ

کرمیکردنی یەکتر

* * * * *

پێنگ پۆنگ و تێنس و فۆتبۆل

سەمای تۆپەکان

* * * * *

پێناسە

خۆبەستنەوە

* * * * *

ناو

کە لێت ئەنێن

شاردنەوەی تۆیە لەناو خۆیاندا

کە لەخۆت ئەنێیت

ئازادکردنی خۆتە لەواندا

* * * * *

رشانەوە

گرژبوونی روحە

* * * * *

منداڵ لەبەرچوون

نەکردنەوەی گرێکانی دەرونە

* * * * *

لە نێوان دیوار و پەنجەرە و دەرگاکاندا

رەشبەڵەک

* * * * *

**لە نێوان باخچە و گوڵدا**

**گەمەی وەرزەکان**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان هەر گوڵێک و گوڵێکدا**

**فڕینی پەپولەکان**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان سویچ و چرادا**

**وایەر**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان حەرفەکانی کیبۆرددا**

**کۆمەڵێک کەلێنی پڕ نهێنی**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان جگەرەکانی پاکەتێکدا**

**چاوەڕوانی دابڕان**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان دوو شیعردا**

**پێشبڕکێ**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان کلیل و قفڵدا**

**پەیوەندیەکی جەستەیی**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان نەوت و فتیلە و شقارتەدا**

**چیرۆکەکانی خۆ سوتاندن**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان زستان و سۆبە**

**ئاگر**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان بەهار و گیادا**

**ملیۆنەها نهێنی**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان ژیان و مردندا**
**تەمەن**

*****

**گیزینگ**
**ماچی خۆر و زەوی**

*****

**تریفە فێرە خۆشەویستیمان ئەکات**

*****

**هەتاو عاشقی زەویە**
**بۆ ساتێکیش چاوی لێهەڵناگرێ**

*****

**وێنە پڕکردنەوەی بۆشایەکانی دیوارە**

*****

**جگەرە بۆ تەپلەک خۆی ئەسوتێنێ**
**قاوە بۆ فنجان**

*****

**تۆمۆبێل دیلی شوفێرە**

*****

**شۆڕتی کارەبا بەبیر هێنانەوەی هەورەتریشقە**

*****

**هەور لە بوونە تەزرەش بێزارە**

*****

**پەپولە جگە لە گوڵ هاوڕێتر نادۆزێتەوە**

*****

**مێش بە هیوایەک ئەژی کەس لێی تێناگا**

*****

**سەگە تۆڕیەکان بەدوای ماڵەکانی وەفادا ئەگەڕێن**

*****

**کۆترە کێویەکان ووشەی شەڕەف لە کۆترکانی بیابان فێربوون**



**هەندرێن حەمەدەمین**

**١ی٤ی٢٠٠٦**

Handren88@hotmail.com